# کۆنگرەی سێیەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەرکەوتوانە بەڕێوەچوو

رۆژی 14ی نیسانی 2005 حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە شاری بەغداد لە هۆلی ئوتیل ( فەلەستین میریدیان ) بە بەشداری زۆربەی هەرە زۆری نوینەرانی کۆنگرەو ژمارەیەك لە میوانی پیکهاتوو لە کادران و دۆستانی حیزب، بەرپاکرد.

سەرەتا کۆنگرە بە سرودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەك بێ دەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانبەختکردوانی ریگای ئازادی و سۆسیالیزم، بۆ هەموو ئەو هاولاتیە بیتاوان و مندالانەی کە بوونە قوربانی جەنگ و پیشبرکێی تیرۆریستی، بۆ ریزگرتن لە رابەری کۆمۆنیزمی کریکاری هاورێ منصور حکمت، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

پاشان کۆنگرە بە وتاری ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزب کرایەوە کە تیایدا باسی لە گرنگی تایبەتی بەستنی ئەم کۆنگرەیە کرد بە تایبەتی لە سایەی هەلومەرجی سەخت و پر ئالوگۆرو جەنگ و تیرۆرو ویرانی و نەبونی ئەمنیەتدا. کە کۆمەلگا پیویستیەکی حەیاتی بە حیزبێکی کۆمۆنیستی هەیە بۆ وەستانەوە دژی ئەم هەلومەرجە سەختە، حیزبیك کە ریگای دەربازبوون لە مەترسیەکانی ئیستا بخاتەبەردەمی. هەروەها لە دریژەی قسەکانیدا چوە سەر جیگاوریگای ئیستای حیزب و چۆنیەتی ئالوگۆرپیدانی بۆ حیزبیکی سیاسی جەماوەری گەورەو بەدیلی رزگاری کۆمەلگای عیراق.

پاش ئەوەی کە کۆنگرە گوێ بیستی راپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتی هەلبژاردنی نوینەرانی کۆنگرە بوو، شەرعیەتی بە نوینەران بەخشی کە لەلایەن ریکخراوەکانی حیزب لە عیراق و کوردستان و دەرەوەی وولاتەوە هاتبوون. پاشان کۆنگرە دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

لە پیشدا ئاییننامەی بەریوەبردنی کۆنگرەو دەستوری کۆبونەوەکانی پەسەند کردو هەیئەتی سەرۆکایەتی هەلبژارد. پاشان کۆمەلیك مەسەلەی سیاسی گرنگی دایە بەرباس کە بریتی بوون لە چەند مەسەلەو بریارو بەلگەنامە سەبارەت بە : ( راپۆرتی هەلسورانی سیاسی و عەمەلی حیزب لە کۆنگرەی دووەمەوە تا کۆنگرەی سێیەم، راپۆرتی سیاسی سەبارەت بە رەوتی ئەو ئالوگۆرە گەورانەی کە لە ئە نجامی جەنگی ئەمریکادا هاتەکایەوەو نیشاندانی دەورو هەلویستی هیزە سیاسیەکان بەرامەر مەسەلە سیاسیەکانی عیرا ق لە ماوەی دوو سالی رابردوودا، باسیك سەبارەت بە جیابونەوەی کوردستان، بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان، تەواوکەری بنەما ریکخراوەییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و بریارنامەیەك سەبارەت بە دەولەتی کاتی.

راپۆرتی هەلسورانی دوو سالی رابردووی حیزب لە مەیدانە جیاجیاکانی هەلسورانی حیزبدا لە ناوخۆی عیراق و لە دەرەوە، لەلایەن سمیر عادل سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزیەوە پیشکەش کرا. لەو راپۆرتەدا نیشاندرا کە هەلسورانیکی چروپرو فراوان لەلایەن ریکخراوە حیزبیەکانەوە ئە نجام درابوو بۆ وەستانەوە بەرامبەر لایەنەکانی ئەم سیناریۆ کارەساتبارەو ریکخستنی کریکاران بە تایبەتی دەوری بەرجەستە لە دامەزراندنی یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان و یەکیتی بیکاران و ریکخراوی ئازادی ژن، دەورگیران لە پیکهاتنی لیژنەکانی کاری خویندکاران و سازدانی خۆپیشاندانەکانی خویندکارانی بصرە، بەرگری لە بنەماکانی ژیانی مەدەنی، داهینانی پرۆژەی کۆنگرەی ئازادی عیراق و کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەرهینانی چەندین رۆژنامەو دانانی رادیۆ لە هەولیرو بەغدادو کەرکوك، هەلسورانی فراوانی لە ئاستی دنیادا لەدژی جەنگ و داگیرکاری و تیرۆریزمی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی...هتد.

پاشان ریبوار ئەحمەد باسیکی لە بارەی راپۆرتی سیاسیەوە پیشکەش کرد سەبارەت بە ئالوگۆرەکانی دوو سالی رابردوو جیگاوریگای حیزب لە سایەی ئەو هەلومەرجەدا کە لە ئە نجامی جەنگ و داگیرکردنی عیراقدا هاتەکایەوە. کە تیایدا باسی دەورو کاریگەری هیزە سیاسیەکان و لەوانەش دەوری کۆمۆنیزمی کریکاری و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراقی کرد لە هەناوی ئەم رەوەندەدا. لەم باسەدا سیاسەت و هەلویست و دەوری حیزب بۆ وەستانەوە دژی جەنگی ئەمریکاو داگیرکاری، وەستانی پەیگیرانە لە پشتی خواستی چونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، سازدانی خەباتیکی هەمەلایەنە دژی ئیسلامی سیاسی و هیزە قەومپەرستەکان و وەستانەوە دژی بەدیلە کۆنە پەرستەکان و هیرشەکانیان بۆ سەر مافە مەدەنیەکانی خەلك. هەروەها ریکخستن و رابەری کردنی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە دەوری خەتیکی رادیکال و راوەستان لە ریزی پیشەوەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان. کۆنگرە دوای قسەوباس لەم بارەیەوە تەئیدی خەتی سیاسی و جهەتگیریەکانی ئەم راپۆرتەی کرد.

هەروەها وەفدێکی رابەرایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان رەحمان حوسێنزادە معاونی لیدەری حزب و رەئیسی هەیئەتی دەبیران، صالحی سەرداری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و محمدی راستی ئەندامی مشاوری کۆمیتەی ناوەندی وەکو میوان بەشداری کۆنگرەی کرد. رەحمان حوسێنزادە وەکو سەرۆکی ئەم وەفدە وتەیەکی پێشکەشکردو تیایدا جەختی لەسەر پتەوکردن و بەهیزکردنی هاوخەباتی هەردوو حیزب کردەوە، هەروەها رایگەیاند کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری-حکمتیست پەرەدان بە دەخالەت و خەباتی خۆی لە ساحەی سیاسی عیراقدا بە مەیدانیکی خەباتی راستەوخۆی خۆی دەزانی بۆ راوەستان لە هاوشان حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق.

لە بەندیکی تردا کۆنگرە چوە سەرباسی بریارنامەیەك سەبارەت بە پیویستی جیابونەوەی کوردستان کە باسەکەی لەلایەن ئاسۆ کمالەوە پیشکەش کرا. جیابونەوە وەکو ریگاچارەیەکی عەمەلی و گونجاو بۆ کیشەی کوردو دوورخستنەوەی کۆمەلگا لەو شەرو کیشەو کینە قەومیە نیشاندرا کە لەلایەن هیزو

بزووتنەوە ناسیونالیستەکانەوە هانی بۆ دەدریت. دوای قسەوباس لەسەر ئەم بریارنامەیە کۆنگرە ناوەرۆکی سیاسی بریارنامەکەو پیکهینانی کۆمەلیك ئالوگۆری لە دەقەکەیدا پەسەند کرد. هەروەها دوو بەلگەنامەی گرنگ: ( بەیاننامەی مافە جیهانداگرەکانی ئینسان ) کە باسەکەی لەلایەن شمال علیەوە پیشکەش کراو ( تەواوکەری بنەما ریکخراوەییەکانی حیزب ) کە لەلایەن سامان کریمەوە پیشکەش کرا لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند کران.

بریارنامەی پیشنیاری سەبارەت بە "دەولەتی کاتی" بەسەرۆکایەتی تالەبانیو جەعفەری لەلایەن نادیە محمودەوە بۆ ئامادەبوان خوینرایەوە، بەلام بە هۆی کەمی کات و زۆری کارەکانی کۆنگرەوە، کۆنگرە کۆمیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی راسپارد بۆ ئەوەی دەقی کۆتایی ئەو بریارنامەیە ئامادەو پەسەند بکات.

هەروەها جگە لەوانە کۆنگرە کۆمەلیك بریاری تری پەسەند کرد سەبارەت بە بەهیزکردنی هەلسورانی حیزبو بردنەسەری جیگاوریگای بۆ ئاستی وەلامدانەوە بە پیداویستیەکانی کۆمەلگاو بەهیزکردنی بزووتنەوەی جەماوەری دژی تیکروخانی ژیانی مەدەنیو بەهیزکردنی کۆنگرەی ئازادی عیراق. هەروەها کۆمەلیك بریاری تر کە لە دەستوری کۆنگرەدابوو سپیردرا بە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی. لەوانە بریاریك سەبارەت پیکهینانی هەندیك ئالوگۆری پیویست لە بەشی دووەمی بەرنامەی حیزبدا ( دنیایەکی باشتر ) کە پەیوەندیان بە رووخانی رژیمی بەعسەوە هەیە.

لە بەشی هەلبژاردندا کۆنگرە 46 کەسی بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەلبژارد کە بریتین لە: ( ئازاد احمد، احمد عبد الستار، ئاسۆ جبار، ئاسۆ کمال، امجد غفور، باسل مهدی، خالد زکی، خسرو سایە، دشتی جمال، رحمن حسین زادە، رعد سلیم، رشید اسماعیل، ریاض کاکە شین، رمضان صابر سعید، ریبوار احمد، ریبوار عارف، زمناکو عزیز، ساکار احمد، سارا فالح، سامان کریم، سامی حسن، سعید احمد، سمیر عادل، سوسن سلیم، شمال علی، طاهر حسن، عادل صالح، عبد الکریم عبد السادە، عبد اللە محمود، فالح مکطوف، فاتح شیخ، فارس محمود، فلاح علوان، قاسم هادی، کورش مدرسی، لیلی محمد ، محسن کریم، مۆید احمد، محمد عزیز، ندی مۆید، نادیە محمود، ناسك احمد، هلالە رافع، هوزان محمود، هیثم علی و ینار محمد ).

ووتەی کۆتایی کۆنگرە لەلایەن رێبوار ئەحمەدەوە پێشکەش کرا، کە تیایدا وێڕای پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەکەو ئاماژەدان بە بایەخی ئەم کۆنگرەیە بۆ حزبو کۆمۆنیزمی کرێکاریو کۆمەڵگا، جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دەبێ ئەم کۆنگرەیە بکرێتە خاڵێکی وەرچەخانی گەورە لە ژیانی حزبدا، وە ئاماژەی بۆ رۆڵی بەشداربووانی کۆنگرە کرد لە وەدیهێنانی ئەمەدا. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێمە لە هەلومەرجێکی دژوارو سەختدا کاردەکەین و هەردوو ئەگەری دۆڕان و سەرکەوتن لەئارادایە. چانسی سەرکەوتن هەیە و تاڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ئیرادەی خۆمانەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو وەك منصور حیکمەت دەڵێت پردەکانی پشتمانەوە روخاوەو هیچ بوارێکی پاشەکشێمان نییە، تەنها رێگای پێشڕەوی و بۆپێشەوە چونمان لەبەردەم ماوەتەوە.

بۆ رۆژی دواتریش کۆمیتەی ناوەندی لە هۆڵی ( العراقیە )ی شاری بەغدا کۆبوونەوەی فراوانی شانزەهەمی خۆی بەست. کە تیایدا کۆنگرە بەوێنەی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووو هەنگاوێکی گەورە هەڵسەنگێنرا. لەمبارەیەوە پلینۆم تەقدیری ئەرك و رۆڵی لیژنەی بەرپاکەری کۆنگرەو هاوڕێیانی بەشدار لە ئامادەکاریی کۆنگرەی کرد. هەروەها ئەو ئەرکانەی ئەنجامدا کە کۆنگرە لە پەیوەند بە بەڵگەنامەکانیەوە خستبوویە ئەستۆی کۆمیتەی ناوەندی. وە لەباسی هەلومەرجی سیاسی ئەمرۆی عێراقدا، کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر پێویستی بەهێزکردن و پەرەپێدانی کۆنگرەی ئازادی عێراق کرد وەك بەدیلێك بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگا لە هەلومەرجی کارەساتباری ئێستاو گێڕانەوەی مەدەنییەت بۆ عێراق. هەروەها کۆمەڵێك بڕیار پەسەندکرا بەمەبەستی تەفعیل و جێبەجێکردنی پەسەندکراوو جهەتگیریەکانی کۆنگرە.

پلینۆم لە کۆتاییداو بەتێکڕای دەنگ هاوڕێ رێبوار ئەحمەدی بە لیدەری حزب هەڵبژارد، هەروەها 19 کەسی بۆ ئەندامەتی لە مەکتەبی سیاسیدا هەڵبژارد کە بریتین لە: ( ئازاد احمد، ئاسو کمال، امجد غفور، باسل مهدی، خسرو سایە، رعد سلیم، ریاض کاکە شین، زمناکو عزیز، سامان کریم، سمیر عادل، شمال علی، فارس محمود، فلاح علوان، قاسم هادی، مۆید احمد، نادیە محمود، هلالە رافع، هوزان محمود و ینار محمد ).

کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

16 ی نیسانی 2005